ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ٨مارس شەوی ژنان نەك ڕۆژی ژن

## نوسینی: ئازاد جەلال

بـالێرەوە دەست پێبكـەین، بۆچـی تـەق؟ لەبـەر ئـەوەی لـەم ڕێیـەوە دەتوانـرێ تەقـە لـە دەروازەی كۆمەڵایـەتیو سیاسییەكان بدەین، لێرەوە لەم دەروازەدا وەقفە بكەین و ناچینە ناو قوڵایی دیاردەكانەوە لەبەر ئەوەی نا  كە نـاوێرین ،دەوێرین بەڵام بابەتەكە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێتو تەنها وەئاگا  دەهێنێتەوە، كوردیـش جوانـی وتـووە: "ئـەو كەسـەی كەسە ئەلفێكی بەسە".

تەق تەنـها ئەلفێكـەو ناچێتـە ب، هـەندێ جار لـەڕێی تـەنزەوە بـەرەو نـاو كرۆكـی باسـەكە دەڕۆیـن، ئـەمن دەزانم ئەوانەی تەق یان لەبەرامبەردا دەكرێ، بلانسیان تێك دەچیو ڕەنگە زۆرجاریش تـوڕە بـنو جنێویـش وەربگریـن، دوور نەڕۆین بە درۆزنو ساختەچی ناوزەد بكرێین، هەربۆیە قەڵەم لەئاستی هەر توڕبوونێكدا پێدەكەنیو قاقا دەخاتە سـەر لێوو دەرخواردی خوێنەرانیشی دەدا، مەحوی گوتەنی: "كەسی  شـێتانە بـەردم تـێ گـرێ، ئـەمن بـەرقی تێدەگـرم". مـن شێت نیم، بەڵكو ڕۆژنامەنووسمو ڕستەو وشە دەتەقێنم بەهەمبەر دیاردەیەكدا كە جێی باسە تەق لێدەدەم، ئەمڕۆ كـە (٩) مارسەو من كەئەم بابەتە دەنووسم  ڕۆژی ژنانە، ژنانی كوردستان بۆ  ئـەم ڕۆژە هیـچ شـتێكی تازەیـان پـێ نییـە بـۆ (٨)ی مارس  بیلێین  هیـچ چالاكییـان نییـە ڕاژەی دۆزەكـەیان بكاتو هیچـی تـازەم نـەدی لـە ڕۆژنامـەكاندا بنووسـرێت، ئەوەی دیم لەڕووی ڕۆژنامەكاندا تەنها ئەوانە بوون كە ساڵانی تر نوسیبوویان هەمان قەڵەم هەمان عەقڵو هـەمان ژن، سـەردانی بەرپرسـانیان كـردو هـەمان بـەرپرس پێیشـوازی لێكـردن، ئەوانـەش كـە سـەردانی بەرپرسـانیان كردبـوو وەك ئەوەی من شارەزا بم هەبێ تیایدا (كچ) بوو نەك (ژن).

لەم وڵاتەدا ژن تەنها شەوی هەیەو ئەو بەشەو تەنها ئازادی وەردەگرێو تێر هەناسـەی سییەكانی خـاڵی دەكاتـەوە، لەشەودا خەو بەئازادییەوە دەبینێو لەشـەودا غـەرقی بێئاگـایی دەبـێو لـەو ساتەوەختانەدا بـەئازادی دەبێتـە پاڵـەوان، لـەتابۆكان نزیـك دەبێتـەوەو دەیـان بـەزێنێ، ژن لـێرە تەنـها لـە شـەودا حەقیقەتـەكانی بەدەردەكـەوێو بـەئازادی بـیر دەكاتـەوە، ئەفسوس هـەندێ جار لەهـەندی ناوچـەدا شـەویشی لێ زەوت دەكـەنو لەمەملەكـەتی حەوانـەوەی پیـاوێكدا ماسۆشیانە هەتا بەرەبەیان بەئازارەوە دەتلێتەوەو خۆزگە بە مردن دەخوازێ!

لەبێ هۆشیاری پیاوێكی نێردا لەهەمبەر ژن شەویش بۆ ئەو هەر تارەو واتایەكی  نییـە، ئـەوەتا ژن لـێرەوەك ڕۆژی نییـە شـەویشی هـەر نییـە، مردنـی هەیـە لـەوێوە تـێر ئاسـودە دەبـێو وازی لێ دەهێـنرێ. جەسـتـەو ڕۆحـی لێـك جیـا دەكرێتـەوەو لەشـەكەتی دونیـا ڕزگـاری دەبـێ! تـەق لـەو هـەموو ڕێكخـراوەی ژنـان كـە نەبونـە گروپێكـی فشارلەسـەر دەسەڵاتو كلتور، تەق لە هەموو كچانو ژنانی ڕۆژنامەنووس كە نازانن  سیمایەك بـۆ ژن بكـەن وەك ئـەوەی كـە هەیـە! گوزارشت لەئازارو موعاناتو ناخیان بكەن.

تەق لەبڵاوكراوە ئافرەتیو ژنانییەكان، تەق لەلاپەڕەی ژنانی ناو ڕۆژنامەكانیش كە  ئامانجیـان هـەر خزمەتكردنـە بەئاراستەی ئایدۆلۆجی نەك مەسەلە گرنگەكان.

ZAGROS WEBSITE